# گێتەکانی وڵاتەکەم

*بۆتان تەحسین*

بەر لە ماوەیەك لەگۆشەی دیدی ڕۆژنامە نوس لە رۆژنامەی برایەتی ستونێکم لەژێر ناونیشانی (سرکێت گێت)نوسی، رۆژی دواتر برادەرێکی ڕۆژنامە نوس تەلەفۆنێکی بۆ کردم و گوتی : ڕیسوایی سرکێت یەکێکە لە دەیان ریسوایی دیکەی ئەمرۆی ژیانی کوردستان، بە دووری مەزانە نیشانەی ریسواییەکانی دیکەش لە هەر ئان وساتێکدا بە دەرکەوێت.

دوو رۆژ تێپەر نە بوو ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پۆلی شەشی ئامادەیی دەرچون و ڕێژەی نزمی دەرچوان هێمای ریسواییێکی تری لەخۆوە گرتبوو، باسەکەش بو بە باسی تێکرای خەڵك، دەزگاکانی راگەیاندنیش زۆرلە سەری رۆیشتن وبەرپرسانی وەزارەتی پەروەردەش بۆماوەیچەندرۆژێك بون بە وەجهی شاشە و هەموجارێك قسەی یەکەم هەربۆ ئەوان بوو.

هێشتا قسەو باسی تاقیکردنەوە گێت تەواو نە بوو بوو باسی ئەوە بلاَوبۆوە کە لە نەخۆشخانەکانی هەولێر بەهۆ نەبونی بەنج کاریِنەشتەرگەری وەستاوە، دیسان زوومی کامێراکان و رۆشنایی راگەیاندن بەخەستی کەوتەوە سەر بەرپرسانی وەزارەت بۆ پاساو هێنانەوە، ئەم باسەش پاش چەند رۆژێك خواسی برایەوە، بیَ ئەوەی بەنج بگەرێتەوە نەخۆشخانەکان.

دەرهاوێشتەی ئەم دوو کەرتە دیمەنی فلیمێکی عادل ئیمامی بە ناوی (النوم فی العسل)هێنامەوە یاد، کە خەتەری بلاَوبوونەوەی سستی توانای سێکسی لەنێو کۆمەڵگەی میسری بەهەڕەشە یەکی ئاسایشی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدات و داوای گەلە کۆمەکی نێوان تەواوی وەزارەت و دام ودەزگاکان دەکەن بۆ ئەوەی رێ لەپتر تەشەنە کردنی بگرن، کە دوا جار کار دەگەینرێتە سەر کردایەتی سیاسی وڵات، دیارە گرفتەکە بوونی بە شێوەییەك لە شێوەکان هەیە بەلاَم بەو ئەندازەیە نیە کە دانەری سیناریۆییەکە تەرحی دەکات، لیَ مەبەست لە خستنە رووی ئەم دیاردەیە هۆشداری کردنەوەی دەسەلاتی میسرە بۆ ئامادە باشی بۆ رووبەرووبوونەوەی تەشەنەکردنی دیاردەکەیە پێش ئەوەی رووبدات.

کۆمەڵگاکانی تر بەم شێوەیە مشوری حاڵی خۆیان دەخۆن لەکاتێکدا میسر ناچیتە خانەی وڵاتە پێشکەوتوەکانیش، کەچی لای خۆمان تا کار لە کار نەترازیَ چارەسەری شتەکان ناکەین و کورد گوتەنی دوای باران بەڕ یَ بە خۆمان دادەدەین، لەمەش سەیرتر شێوازی چارەسەرەکانە کە دوورە لە هەموو بنەماییەکی لۆژیکانە وقوڵبوونەوەی زانستی، بە چەند ریَوشوێنیکی رووکەش قەناعەت بە خۆمان دێنین کە ئیدی گرفتەکە چارەسەر بوو، بۆ ئەم مەبەستەش شەخسی پلە یەك دەهێنرێت وچەند چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنوسی لەگەڵ دەکەن و هەندێك پاساوی ناموبەریر دەهێنرێتەوە، گرفتەکەش بە بنبەست دەگەیەنن، لە کاتێکدا خودی ریسواییەکان و ادەخوازن کە دەزگاکانی راگەیاندن لە جیاتی پەردە پۆشکردنی کەم و کورییەکان و پارێزەری کردن بۆ لێپرسراوان ببن بە ئامرازی فشار بۆچەسپاندنی تەقلیدی دەست لەکارکێشانەوەی بەرپرسەگەورەکانی بواری پەیوەندیدار، کە راگەیاندن ئەم کارەش ناکات بیَ گومان خۆی دەکا بە باوکی هەموو ریسواییەکان، وەك دەرئەنجامێکی سروشتی ئەم کارەی راگەیاندنیش بەدوور نازانرێت سبەی و دووسبەی ریسوایی گەورەتریش لەوەی ئێستا هەیە رووبدات هەر خوداش بۆ خۆی دەزانێت دوارۆژ چی لە هەمبانە دایە..!!

botandargala@yahoo.com

www.kurdistannet.org